# سەعدی ئەحمەد پیرە لەبارەی دەستگیرکردنی وەهاب هەڵەبجەیی هاتە دەنگ



سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، وەڵامی پرسیارێکی دایەوە سەبارەت بە ئەگەری ڕادەستکردنی فەرماندەی دەزگای دژە تیرۆری سلێمانی "وەهاب هەڵەبجەیی" بە دادگای هەولێر کە یەکشەممەی ڕابردوو حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاند بەتۆمەتی تیرۆرکردنی ئەفسەرێکی ئاسایش لە هەولێر.

سەعدی پیرە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە "المطلع" بەدوایدا چوو لێی پرسا، "ئایا وەهاب هەڵەبجەیی ڕادەستی دادگای هەولێر دەکەن؟" لە وەڵامدا بە گاڵتەوە وەڵامی ڕۆژنامەنووسەکەیدا و وتی: (تەندروستیت باشە)؟.

وتیشی: "ئەم بڕیار و دادگایانە سیاسیکراون و کەموکوڕییەکن لەسەر پرۆسەی دادوەری، هەروەها بڕیاری هاوشێوە لە دژی سەرکردەکانی یەکێتی دەرکراوە کە دواتر پۆستی باڵایان لە ناوچەکەدا وەرگرت.